# Student Feedback Help




| ژ | پرسیاری هەڵسەنگاندن | ڕوونکردنەوەی بڕگەکان و ماناکانیان بۆ خوێندکاران |
|---|---|---|
| 1 | ئایا مامۆستایای بابەت توانیویەتی ئامانجەکانی بابەتەکە بگەیێنێت؟ | مامۆستاي بابەت بتوانێت ئامانج و پەیام و مەبەستە سەرەکیەکانی بابەتەکە بە روون و ئاشکرایی بگەیێنێت بە شێوەیەك کە هیچ لێڵی و تەمومژاوییەك نەهێڵێتەوە لەلای خوێندکارەکان. |
| 2 | ئایا پەرتووکی بابەتەکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بابەتەکە سوودمەند بوو؟ | پەرتووکی بابەتەکە (کۆرسبۆك) بەشێوەیەك بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکان و بەدیهێنانی ئامانجەکانی وانەکە داڕێژرابوو کە خوێندکار بە ئاسانی سوود لە ناوەڕۆکەکەی وەربگرێت. |
| 3 | ئایا مامۆستا لە کاتی وانەوتنەوەدا هەوڵیداوە ناوەڕۆك و خاڵە گرنگەکانی بابەتەکە بە سادەیی شیی بکاتەوە؟ | ئەو زمانەی مامۆستا بە کاری دەهێنا زمانێکی زانستی، ئاسان و روون بوو و ناوەڕۆك و خاڵە گرینگەکانی بەشێوەیەکی گونجاو بۆ خوێندکار روون دەکردەوە. |
| 4 | ئایا وانەکە لە کاتی خۆیدا دەستی پێکرد و لە کاتی خۆیدا تەواو بوو؟ | مامۆستا بە کاتی وانەکەوە لەڕووی کاتی دەستپێکردن و کاتی تەواوبوون پابەندبوو، و کاتی پشوەکانی بەگشتی بەشێوەیەکی گونجاو و ڕێك و پێك بوو. |
| 5 | ئایا لە کاتی وانە وتنەوەدا نەریتی پیشەی مامۆستایەتی پەیڕەو کرا؟ | مامۆستاکە بە ڕێز و بە پێی داب و نەریتی گونجاوی پیشەی مامۆستایەتی لەگەڵمان ڕەفتاری دەکرد، بە بێ سووکایەتی پێکردن و نرخ کەمکردنەوەی خوێندکاران وانەکان بەسەردەچوو. |
| 6 | ئایا ئامرازەکانی فێرکاری بەشێوەیەکی کارلێکراو بەکار هێنرا؟ | ئایا مامۆستا ئامرازە فێرکارییەکانی بەکارهێنا (وەك داتاشۆ یان بۆردی سپی و ...هتد) بەشێوەیەك کە کارلێك لە نێوان خوێندکار و مامۆستا و بابەتەکەدا دروست بکات و وا لە خوێندکار بکات تێکەڵاوی بابەتەکە بێت؟ |
| 7 | ئایا بوار بە پرسیار و وەڵام درا؟ | ئایا مامۆستا ڕێگای بە خوێندکار دەدا کە پرسیار بکات و کاتی بۆ تەرخان دەکردن و لە لایەکی تر پرسیاری دەکرد و وەڵامی پرسیاری خوێندکاری ئەدایەوە؟ |
| 8 | ئایا مامۆستا گرنگی بە ڕەخنە ئاکادیمییەکانی خوێندکار دەدا؟ | مامۆستا گوێی لە ڕەخنە زانستیەکانی خوێندکار دەگرت و ڕاوبۆچوونەکانی بە هەند وەردەگرتن ئەگەر لە بەرژەوەندی بەرەو پێشڤەچوونی پرۆسەی خوێندندا بێت. |
| 9 | ئایا زانیاری لەسەر شێوازی ئەزموونەکان (و نمرەدانان) بە ڕوونی پێشکەشکران؟ | لە پەرتووکی کۆرسدا مامۆستا باسی لە شێوازی ئەزموونەکان و جۆری هاتنەوەی پرسیارەکان و سیستەمی نمرەکان و شێوازی دابەشکردنی نمرەکان بە ڕوونی و ئاشکرایی بوو. |
| 10 | ئایا پرسیارەکانی ئەزموونەکان ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکی کۆرسەکە بوون؟ | پرسیارەکانی ئەزموونەکان نوێ بوون و دووبارەی پرسیارەکانی ناو پۆل نەبوون و ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی ئەو بابەتانە بوون کە خوێندرابوون و مامۆستا هەوڵیدابوو لە پرسیارەکانیدا وامان لێبکات بەشێوازی نوێ بیر بکەینەوە و ئاستی بەرزی بیرکردنەوەی تێدا بوو. |
| 11 | ئایا سەرچاوەکانی بابەتەکە نوێن و لەگەڵ ناوەڕۆکەکە دەگونجێن؟ | ئەو سەرچاوانەی لە پەرتووی بابەت ئاماژەی پێکردبوون نوێ بوون و بەسوودبوون و بە ناوەڕۆکی بابەتی خوێندراو پەیوەندیدار بوون. |
| 12 | ئایا شێوازی وانەوتنەوەکە سەرنج ڕاکێش بوو؟ | مامۆستا هەوڵیدا بە درێژایی وانەکە سەرجەم لای وانەکە بێت و بە شێوازێکی گونجاو بە ئاگابوونی ئێمە ڕابکاتەوە لەسەر بابەتەکە بەشێوەیەك کە لە خزمەتی تێگەیشتنی ناوەڕۆکی وانەکەدابێت. |